**وەزارەتی دارایی ئابووری**

**ژمارە : ٩٥٦٤ لە ٢٠١٦/١٠/٤**

**ئاماژە بە هەردوو نوسراوی دیوانی چاودێری ژمارە ( ٤٠٦ و ٤٤٢ ) لە ٢٧ و ٢٠١٦/٦/٣٠ و پاڵپشت بە بڕگە (٤) لە ماددەی (١٩) و ماددەی (٢١)ی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو لەبەر ئەوەی تێبینی کراوە کە بە پێچەوانەی ڕێنماییمان ژمارە (٢٦)ی ساڵی ٢٠١٠ و یاسای سەرەوە لە دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم پێشخستن بە مەرتەبە هەژمار کراوە و ئاماژە بە ڕێنماییمان ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٦ کە تایبەتە بە سوپاس و پێزانین بڕیار درا بە دەرکردنی ئەم ڕێنمایە:-**

## ڕێنمایی ژمارە ( ٢٦ )ی ساڵی ٢٠١٦
## ڕێنمایی تایبەت بە پێشخستن و سوپاس و پێزانین

**یەکەم:- پێشخستن بە پێی بڕوانامەکانیان بەم شێوەی خوارەوە هەژمار دەکرێت :-**

**١- دبلۆمی باڵا کە ماوەی خوێندنی (١) ساڵە (٦) مانگ پێشخستنی بۆ دەکرێت .**

**٢- دبلۆمی باڵا کە ماوەی خوێندنی (٢) ساڵە (١) ساڵ پێشخستنی بۆ دەکرێت .**

**٣- ماستەر (١) ساڵ پێشخستنی بۆ دەکرێت .**

**٤- دکتۆرا (١) ساڵ پێشخستنی بۆ دەکرێت .**

**٥- ئەگەر دکتۆرا ڕاستەوخۆ پاش بەکالۆریوس بەدەست هات (٢) دوو ساڵ پێشخستنی بۆ دەکرێت .**

**دووەم:- پێشخستن کاتێك هەژمار دەکرێت کە بڕوانامەکەی نەبوبێتەوە هۆی هەموارکردنی مووچەی بنەڕەتی سەرەڕای ڕچاوکردنی ڕێنماییمان ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٦تایبەتە بەڕاگرتنی پلە بەزکردنەوەی لەکاتی ئێستادا.**

**سێیەم:- پێشخستن تەنها بۆ مەبەستی پلە بەرزکردنەوە کاری پێ دەکرێت نەوەك پێدانی مەرتەبە.**

**چوارەم:- پێشخستن تەنها بۆ ئەو فەرمانبەرانەیە کە لە ماوەی ڕاژەی وەزیفیدا بڕوانامەی پسپۆری (دبلۆمی باڵا ، ماستەر ، دکتۆرا) یان هاوتاکانیان بەدەست دەهێنیت دوای بڕوانامەی بکالۆریۆس یان ماستەر .**

**پێنجەم:- هەر پێشخستنێك بە پێچەوانەی خاڵەکانی سەرەوە کرابێت تەنها ڕاستکردنەوەیان بۆ بکرێت.**

**شەشەم:- سوپاس و پێزانین:-**

**١- هەر سوپاس و پێزانینێك کە لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان وەزیرەکان یان ئەوانەی کە دەسەڵاتیان پێدراوە لە لایەن وەزیرەوە ئاڕاستەی فەرمانبەر دەکرێت پێشخستنی پێ وەردەگیرێت بۆ ماوەی (١) مانگ.**

٢- هەروەکو لە خاڵی (٢)ی ڕێنماییمان ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٦ هاتووە ئاڕاستە کردنی سوپاس و پێزانین بۆ فەرمانبەران بەهۆی بە ئەنجام گەیاندنی کاروباری رۆژانەیە بەشێوەیەکی نایاب و سوود گەیاندن بە بەرژەوەندی گشتی و کاریگەری ئەرینی هەبێت لە سەر کاروباری رۆژانەی دام و دەزگاکان واتە سەرەڕای کاری ئاسایی خۆی ئەم کارەی ئەنجام دابێت .

٣- خاڵەکانی (٣ و ٤ و ٥ و ٦)ی ڕێنماییمان ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١٦ ئاماژە پێکراو هەروەکو هاتووە جێبەجێ دەکرێت.

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بەوەکالەت**

---

**وەزارەتی دارایی ئابووری**

**بەیانی ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی ١٧/ بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی دارایی و ئابووری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٠ ، بریارماندا بە :-

- یەکخستنی هەردوو ( بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی پێشمەرگەی هەولێر و بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی پێشمەرگەی ئەیلول ) بەناوی ( بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی پێشمەرگە ) .
- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێ بەجێ دەکرێت لە ڕێکەوتی ٢٧ /٩ /٢٠١٦.

**ڕابەر صدیق محمد**
**بریکاری وەزارەتی دارایی و ئابووری بەوەکالەت**